# کشان و تەسکبوونەوەی واتا پەیوەست بە کۆمەڵەوشەوە

پ.ی. د. بێستوون حەسەن ئەحمەد
زانکۆی سلێمانی
سکولی پەروەردەی بنەڕەت

## پێشەکی

**١/٠) گرنگی بابەتەکە:**

کشانو تەسکبوونەوەی واتا بە دوو بابەتی گرنگی واتاسازی لە چێوەی گۆڕانی واتادا دادەنرێن، کۆمەڵەوشە وەك یەکێك لە دەربڕینە چەسپاوەکان، پەیوەندییەکی تەواوی بە گۆڕانی واتاوە هەیە، چونکە تەسکبوونەوەی واتا دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵەوشەی جیاوازو، کشانی واتاش دەبێتە هۆی نەمانی کۆمەڵەوشەی جیاواز. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات، پەیوەندی نێوان کۆمەڵەوشە و کشان و تەسکبوونەوەی واتا بەگشتییو پەیوەندی نێوان چەمكو کیلگەیواتایی زاینو مردن پەیوەست بە ئیتمۆلۆژیاو کشانو تەسکبوونەوەی واتا و کۆمەڵەوشەکانی ئەم دوو چەمکە شیبکاتەوە.

**٢/٠) سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

ئەو کۆمەڵەوشەو نموونانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتوون، یان لەزمانی قسەپێکەرانی شێوە زاری سلێمانییەوە وەرگیراون، یان پەنا براوەتە بەر پەندی پێشینانو شیعری شاعیرانی سەدەی نۆزدەو فرێزە چەسپاوەکانی قسەپێکەرانی ئەمڕۆ، کە وەك بەڵگە بەکارهێنراون.

**٣/٠) گرفتو سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

گرفتی لێکۆڵینەوەکە لەوەدابوو کە بەڵگەی نووسراو دیکۆمێنتکراوی زمانی کوردی لەبەر دەستدا نەبوون، ناچار پەنا بۆ بەڵگەی ناڕاستەوخۆ براوە.

**٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکەرەوەیی بەکارهێنراوە.

**٥/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە دوو پارە، پاری یەکەم باس لە گۆڕانە واتاییەکان دەکات، کە بریتین لە کشانو تەسکبوونەوەی واتاو، بە نموونەوە ڕوونکراونەتەوە. هەر لەم بەشەدا کۆمەڵەوشە وەك چەمكو پێناسە خراوەتە ڕوو.

پاری دووەم بۆ کێڵگە واتاییەکان تەرخان کراوە، کێڵگەی واتایی هاتنە دونیاوە لە دنیا دەرچوون بەنموونە وەرگیراون.

بەشی دووەم لێکۆڵینەوەکە پراکتیکییە، بەناوی (کشانو تەسکبوونەوەی واتا لە کۆمەڵەوشەدا)، کە تیدا زیاتر جەخت لە تەسکبوونەوەی واتا کراوەتەوە، کەچۆن بوەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵەوشەی جیاواز، هەموو تەسکبوونەوەیەك پێشتر بە کشانی واتادا ڕۆشتوە پاشان دیاردەی تەسکبوونەوە ڕوویداوە. واتە لە سەرەتادا کۆمەڵەوشە جیاوازەکان بوونیان نەبووە، پاش دیاردەی تەسکبوونەوە کۆمەڵەوشەی جۆراو جۆر جیاواز پەیدابوون.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، ئینجا ئاماژە بە سەرچاوەکان کراوەو کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەبەردەست.

## بەشی یەکەم

### ١/١) گۆڕانی واتا

زمان ئامێرێکە بە دەست مرۆڤەوە، بەردەوام لە بەکارهێناندایە. هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ بەکاریاندەهێنێت ئارەزووی ئەوەیان تێدایە لە دۆخێکدا نەمێننەوەو گۆڕانیان بەسەردا دێت. گۆڕانی زمانیش هاوشانی گۆڕانی (کەلتوورو بواری کۆمەڵایەتیو جلوبەرگو جۆری ژیان...هتد)ە. " هەر گۆڕانێك لە زماندا ڕوودەدات، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، وەك ڕۆشنبیری و هەڵسوکەوتو جۆری ژیان" (عەبدوڵا عەزیز (١٩٩٠: ٥٩)).لیکۆلەر پێیوایە گۆڕانی واتای وشە خێراتر ئاسانتر ڕوودەدات، بە بەراورد لەگەڵ ئاستی سینتاکس و فۆنۆلۆژیدا. واتا وەك ئاستێکی زمانی مرۆڤ کە گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەم گۆڕانەش لە چوار ئاستدا هەستی پێدەکرێت: کشانی واتا، تەسکبوونەوەی واتا، بەرزبوونەوەی واتا، نزمبوونەوەی واتا (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد معروف فتاح، ٢٠١١: ١٢٣-١٢٤ ).

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێیوایە دەبێت سەرەتا کشانی واتا باسبکرێت، پاشان تەسکبوونەوەی واتا، چونکە تا کشان ڕوونەدات تەسکبوونەوە بە دوایدا نایەت.

### ١/١/١) کشانی واتا extension of meaning

بریتییە لەو دیاردەیەی کە وشەیەك پسپۆڕی لە دەست دەداتو واتاکەی فراوان دەبێتو دەکشێت. (احمد مختار: ١٩٩٨: ٢٤٣) پێیوایە "کشانی واتا بریتییە لە گۆڕانی واتا لە واتایەکی تایبەتییەوە بۆ واتایەکی گشتیی". کشانی واتا پەیوەندی بە بەکارهێنانی وشەکەو زیندویی زمانەکەوە هەیە. یان "وشەیەك لە کۆندا واتایەکی هەبووە، بەلام ئێستا چەند واتایەکی هەیە" ( Radford et all, ٢٠٠٩:٢٣٠) (بڕوانە (١)).

١) هەریەك لە وشەکانی /گەڵا/، /دەفتەر/، /بلۆك/ گۆڕانی واتایان بەسەردا هاتووەو لە بواری بازرگانی و ئابووریدا بەکاردەهێنرێن. چەند سالێك لەمەوبەر وشەی /گەڵا/ تەنها واتای گەڵای درەختی دەگرتەوە، بەڵام ئەمڕۆ بە سەد دۆلاری ئەمریکی دەوترێت /گەڵا/. /دەفتەر/، /بلۆك/ یش هەمان کشانیان بەسەردا هاتووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێویستی نازانێت لە بارەی کشانی واتاوە بدوێت، چونکە پێشترو لە لێکۆڵینەوەی تردا خراوەتەبەرچاو (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عەبدوڵا عەزیز ( ١٩٩٠: ٨١))، (هۆگرمحمود (١٩٩٣: ١٧))، (فتاح مامە (٢٠٠٤: ٨٩))، محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ١٢٣-١٢٤ )) (دارا حمید محمدو بێستون حسن احمد (٢٠١٣: ١٩٣- ١٩٥)).

۲/۱/۱) تەسکبوونەوەی واتا Restriction of meaning دیاردەی

تەسکبوونەوەی واتا بەدوای کشانی واتادا دێت، واتە "تا فراوانبوونی واتا بەرپا نەبووبێت ئەوا دیاردەی تەسکبوونەوە هەرگیز پەیدا نەبووە"(فتاح مامە (٢٠٠٤: ٨٩)). تەسکبوونەوەی واتا: بریتییە لەو دیاردەیەی کە وشەیەك واتای گشتیی لە دەستدەداتو بەرەو واتای تایبەتی دەڕوات. بە واتایەکی دیکە ئەگەر وشەیەك یان مۆرفێمێك چەند واتایەکی هەبوو، پاش تێپەڕبوونی زەمەنێك یەکێك لە واتاکانی مایەوەو قسەپێکەرانی زمانەکە بەو واتایە بەکاریان هێنا، کەواتە دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا ڕوویداوە. یان بریتییە "لەو دیاردەیەی کەوشەیەك لە کۆندا چەند واتایەکی هەبووە، بەڵام ئێستا یەك واتایەکی ماوەتەوە" ,Radford et all) ٢٠٠٩:٢٣١ ) (بڕوانە (٢، ٣)).

٢- وشەی /تەقینەوە/ لە کۆندا بەم واتایانە بەکارهاتووە: <دووبارە ترەکینەوە>، <دەوڵەمەندبوون>، <بلاوبوونەوەی خەبەرو باس>، <کاری تیرۆریستیو تێکدەرانە> لە ئەمڕۆ بە واتای کاری تیروریستی بەکاردێت واتاکانی دیکەی نەماون (بڕوانە: هەژار ، هەمبانە بۆرینە، (١٩٩٩: ١٦٦) ).

٣- وشەی /ماسولکە/ لە کۆندا ئەم واتایانەی گەیاندووە، <ماسولکەی بچوك>، <شارەی چاڵ>، <لەتە قامیشی بچوك>، <باریکەی سووری خەرمان کە هێشتا نەبووەتە کۆ>.

بەڵام لە ئەمڕۆدا تەنها بە واتای <ماسولکەی بچوك> بەکاردەهێنرێت (بڕوانە: هەژار ، هەمبانە بۆرینە، (١٩٩٩: ٧٩١) ).

دیاردەی تەسکبوونەوە واتای وشەیەك لە چەند واتایەکەوە، بۆ واتایەکی تایبەتی دەبات. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێت وەك گریمانە وای دابنێت، کۆمەڵەوشە لە ئەنجامی تەسکبوونەوەی واتاوە پەیدا دەبێتو هەریەك لە وشەکانی /زاین/ و /مردن/ تەسکبوونەوەی واتایان بەسەردا هاتووە.

٣/١/١) کۆمەڵەوشە

زمانەوانەکان لەسەر پێناسەیەك بۆ کۆمەڵەوشە ڕێکنەکەوتوون، چونکە هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە سەیری کۆمەڵەوشە دەکات. کەواتە بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە سروشتو کارکردنی کۆمەڵەوشە خراونەتەڕوو. ئەو زمانەوانانەش بریتین لە /Firth/ (١٩٢: ١٩٥٧)، /Robins/ (١٩٦٤:٦٣) ، /Palmer/ (٧-٦: ١٩٦٨)، /Benson/و ئەوانی دی(xi :١٩٨٦) ...هتد.

پاش سەرنجدانی پێناسەکان ئەم لێکۆڵینەوەیە پێناسەی / Firth/ پەسەند دەکات. چونکە ئەوەی گرنگە بەلای ئەم زمانەوانەوە پێکەوە هاتنەکەیە، کە لە ئەنجامدا واتای وشەکانمان بەهۆی پێکەوە هاتنەکەوە دەست دەکەوێت.

/ Firth/ پێناسەی کۆمەڵەوشەی، لە ڕووی پەیوەندی پێکەوەهاتنەوە لەنێوان وشە فەرهەنگییە جیاجیاکاندا دەکات. ئەم زمانەوانە پێیوایە، کە دەتوانرێت واتای وشەیەك لەڕێگەی ئەو وشانەوە بزانرێت، کە لەگەڵیدا بەکاردەهێنرێن. /Firth/ (١٩٢: ١٩٥٧) پێناسەی کۆمەڵەوشە بەم شێوەیە دەکات:" کۆمەڵەوشە ئاستێکی تەکنشینی هەیەو لە واتای دانەدانەی وشەکان ناکۆڵێتەوە، بەشێك لە واتای وشەکەت لەڕێگەی پێکەوەهاتنەکەوە پێدەدات، وەك وشەکانی /night/ (شەو)، /dark/ (تاریکی). کۆمەڵەوشە زانیاریمان دەربارەی یەکێك لە واتاکانی /شەو/ پێدەدات، کە بەهۆی پێکەوەهاتنیەتی لەگەڵ تاریکیدا، بۆ تاریکیش بە هەمان شێوە.

ئەو زمانەوانانەی پشتگیری (Firth) دەکەن، بریتیین لە (Brandford,١٩٦٧)و(Waldron,١٩٦٧) و (Palmer,١٩٧٢). بەگوێرەی ئەم زمانەوانانە، کۆمەڵەوشە دوو وشە یان زیاترە، کە زۆر جار لە زمانێکی دیاریکراودا پێکەوەدێن (وەرگیراوە لە (٦٧ : ٢٠٠٧ )HAMID,) (بڕوانە (٥)).

(سەگ وەڕ) ٥) A- bark dog

(جێبەجێکردنی داواکاری) B- meet demand

(چای خەست) C- strong tea

(ئۆتومبێلی بەهێز) D- powerful car

٢/١) کێڵگە واتاییەکان

کێڵگەی واتایی: "بریتییە لە چەند وشەیەك، کە لە ژێر ناونیشانێکی دیاریکراودا بەپێی واتا دادەنرێن" (Andersen, ١٩٩٠: ٣٢٧)، وشەکان لە کێڵگەی واتایدا هاو واتا نین، بەڵام هەموویان بۆ باسکردنی یەك دیاردە بەکاردەهێنرێن. ئەم لێکۆڵنەوەیە پێیوایە واتا بەشێوەیەکی گشتییو کێڵگە واتاییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی تر جیاوازن ((Jean Aitchision,(١٩٩٩:٨٤). بۆ نموونە /حوشتر/ لە زمانی عەرەبیدا خاوەنی کێڵگەیەکی واتایی فراوانەو ئەم وشانەی بۆ بەکاردەهێنرێن، (ابل، بعیر، ناقە، جمل...الخ)، هەروەها وشەی سەگ /dog/ لە زمانی ئینگلیزیدا خاوەنی کێڵگەیەکی واتایی فراوانەو ئەم وشانەی بۆ بەکاردەهێنرێن ( canine, tilce, dog, poppy...etc). تەنانەت لە هەندێك لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانەکاندا، کێڵگەی واتایی جیاواز بەدیدەکرێت، بۆ نموونە بۆ سەوزبوونی ناوچەیەك ئەم دوو دەربڕینە جیاوازەبەدیدەکرێن.

زەوی شین بووە شێوە زاری گەرمیان

زەوی سەوز بووە شێوە زاری سلێمانی

لەبەر ئەوەی واتاو لێکدانەوەی واتای وشەکان پەیوەندییەکی تەواویان بە کەلتورو نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانەوە هەیە. تەنانەت هەندیك زمانەوان پێیانوایە " لە کۆندا کێڵگەی واتایی بۆ بەراوردکردنی دروستەی نێوان دوو زمان بەکاردەهێنرا ((٣٢٧: ١٩٩٠ ,Andersen).

لێکۆلەر پێیوایە بوونی کێڵگەی واتایی فراوان یارمەتیدەرە بۆ نووسەران، بەهۆی بەکارهێنانی وشەی جۆراوجۆرو دووبارەنەکردنەوەی وشەیەك لە تێکستێکدا، دەبێتە هۆی بە پێزیو بە هێزی نووسینەکە.

١/٢/١) کێڵگەی واتایی هاتنە دنیاوە یان چەمکی لەدایکبوونو ژیان

لە دایکبوون و هاتنەدنیاوە بە واتای ژیانکردن زیاتر لە فەلسەفەو بابەتە عیرفانی و ئاینەکاندا لێکدراوەتە، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سەبور عەبدولکەریم حەمەکەریم، (٢٠١٤: ٣٨ ـ ٦٥).

ژیانکردنو لەدایکبوون دژی مردنو تیاچوونن، یان ئەم دوانە بەرانبەر یەك دەوەستنەوە بۆ بەردەوامبوونی ژیان هەردووکیان پێویستین، بەردەوامبوون لە ژیان و نەمری یەکێك بووە لە خەمەکانی مرۆڤو هەوڵی زۆریشی بۆ داوە، لەم ڕوانگەیەوە فەیلەسوفەکان بوون بەدوو بەشەوە، هەندێکیان بڕوایان وایە ژیان ئامانجدارو واتادارە، واتە مرۆڤ بۆ شتێك لە دایکدەبێت، ئەوانی دیکەیان لە دایکبوونو هاتنەدنیاوەی مرۆڤ بێبایەخ دەکەن. کە

تێروانینە ئاینییەکانیش بە ئاینی ئیسلامیشەوە لەگەڵ بۆچوونی یەکەمدان. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فراس السواح، (٢٠٠٩: ٧)).

٢/٢/١) کێلگەی واتایی لە دنیا دەرچوون یان مردن

مردن لە سادەترین پێناسەیدا لە ژیاندا نەبوونو زیندوونەمانە، یان ناکردنی ژیان مردنە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەریم عوسمان، (٢٠١٣: ١٠٢ – ١٠٩)).

دنیابینی ئاینو فەلسفەکان بۆ مردن جیاوازە، ئەوەی گرنگە بەلای لێکۆلەرەوە دنیابینی ئاینی ئیسلامە، کە تا ڕادەیەکی زۆر بوەتە سەرچاوە بۆ کەلتورو بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد.

بەباوەڕی ئیسلام مروڤ بەرێزە (ولقد کرمنا بنی ادم (الاسراو: ٧٠) (ڕێزمان لە نەوەکانی ئادەم گرتووە)، (ونفخت فیه من روحی (الحجر: ٢٩)) (لە لایەن خۆمەوە روحم پی بەخشی)" دنیابینی ئیسلامی باوەڕی بە جیاوازییەکی بنەرەتی لە نیوان مرۆڤ بونەوەرەکانی تردا هەیە، بە تایبەتی لەگەڵ دوو رەگەزی تری گرنگی نیو بونەوەرو ژیان کە ئەوانیش ڕوەكو گیانلەبەرن" (سەبور عەبدولکەریم حەمەکەریم، ٢٠١٤: ٢٨).

ڕەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینەیە زمانی کوردی زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهێناون. چ بۆ هاتنە دنیاوە چ بۆ لە دنیا دەرچوون.

ڕوەك ـ سەوزدەبێت، وشکدەبێت

گیانلەبەر ـ دەزێت یان دەترەکێت یان دەتروکێتو هەڵدێت (هەڵهێنان)، مرداردەبێتەوە یان دەتۆپێت.

مرۆڤ ـ لەدایکدەبێت دەمرێت

لێکۆڵەر پێیوایە جیاوازی ئەم بەکارهیانانە، لە جیاوازی دنیابینییە ئیسلامیی و کوردییەکەوە سەرچاوەی گرتووە. بە تێڕوانینیی ئیسلام مرۆڤ بۆ جێبەجیکردنی ئەرکیك‌و تاقیکردنەوەیەك لە دایکدەبێت (الذی خلق الموت والحیاه لیبلوکم ایکم احسن عملا) (الملك: ٢) (ژیانو مردنمان دروستکردوە تابزانین کێ کردەوەی باش ئەنجام دەدات). لەلایەکی دیکەوە مردن لە دیدی ئیسلامدا قۆناغە بۆ مرۆڤ نەك تیاچوونی یەکجاری، بەڵام بۆ گیانلەبەر ڕوەك نەمانەو سرینەوەیە.

هەر ئەم تیڕوانینەیە ئەم بەکارهینانە جیاوازانەی بۆ تیاچوون لەدنیادەرچوون لە زماندا هیناوەتە کایەوەو ڕەنگیداوەتەوە.

بەشی دووەم

١/٢) کشانو تەسکبوونەوەی واتا پەیوەست بە کۆمەڵەوشەوە

١/١/٢) مێژووی زمانی کوردیو بەڵگەی پێویست

بەهۆی نەمانی نووسراوو دیکۆمێنتی پێویستەوە، لە لێکوڵینەوەی مێژووی زمانی کوردیدا گرفت دێتە بەردەم لێکۆڵەرانی زمانی کوردیی "نەبوونی زمانی نووسراوەیی کۆنی کوردی لە شێوەی پەخشاندا دەتوانێت گرفتێکی گەورە بۆ نووسەری کورد ساز بکات، کاتێك ئاماژە بە زمانی بەکارهاتوو لە سەردەمانی پێشتردا دێتە ئاراوە" (هاشم ئەحمەد زادە، ٢٠١٢: ٧٨). ئەگەر نەبوونی زمانی نووسراو بۆ نوسەر گرفت بێت، ئەوا بۆ لێکۆڵەری زمان لە گرفت گەورەترە، چونکە دەبێت نموونەو داتاکان لە زمانی نووسراوەوە وەربگیرێن.

لێکۆڵەرەوانی زانستی زمانیش جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە "دەقنامەی کۆنی کوردی نیین" (محەمەدی مەحویی، ٢٠١٤: ٥١) بۆیە لێکۆڵەر بە ناچاری پشت بە بەڵگەی ناراستەوخۆ دەبەستێت، کە ئەوانیش برتیین لە ئەدەبی فۆلکلۆرو لەناو ئەدەبی فۆلکلۆریشدا نموونەی پەندی پێشینان وەردەگیرێن، چونکە پەند چ وەك بەشێکی ئەدەبی فۆلکلۆرو چ وەك دەربڕینێکی چەسپاو، زۆرترین کاری لەسەر کراوە بە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆردا "پەندو قسەی نەستەق زیاتر لە بەشەکانی تری فۆلکلۆر کۆکراوەتەوە" (شوکریە رەسووڵ، ١٩٨٤: ١٢)، یان" پەندی پێشینانو قسەی نەستەقی کوردی بەشێکی زۆریان کۆکراونەتەوەو نووسرانەتەوەو چاپکراون"(عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ٢٠١٠: ٨٤).

شیعری شاعیرانی سەدەکانی پێشوو، بە تایبەتی سەدەی نۆزدەیەم یەکێکی دیکەیە لە سەرچاوە ناراستەوخۆکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە. تاوەکو لە ڕێگەی پەندی پێشینان وەکو نموونەیەکی ئەدەبی نەنووسراوو فۆلکلۆر، شیعر وەکو نموونەیەکی ئەدەبی نووسراو، بتوانرێت کۆمەلێك بەڵگەی گونجاو بهێنرێنەوە. لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبیش، ئەدەبیان بۆ ئەدەبی نووسراو نەنووسراو پۆلکردووە، هەرچی ئەدەبی نەنووسراو/ فۆلکلۆرە "ژانرەکانی گەلێکن (گۆرانیو لایەلایە، لاوانەوە، سەرگوزەشتە، چیرۆك، پەند، مەتەڵ ...هتد) دەگرێتەوە" (شوکریە رەسووڵ، ١٩٨٤: ١٢)، (حەمە حەمە ئەمین قادر، کاکەی فەللاح، ١٩٨٢: ٢٥٦).

ئەدەبی نووسراویش لای زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەلات بە شیعر دەستپێدەکات، "ئەدەبی کوردیش بە شیعری شاعیران (عەلی تەرمۆکیو بابەتاهیری هەمەدانی) دەستپێدەکات. کە شیعری ئەم شاعیرانەش بە کۆنترین نووسراوی کوردی دادەنرێت" (حەمە حەمە ئەمین قادر، کاکەی فەللاح، ١٩٨٢: ٢٥٦).

تەنانەت فراوانی ئەدەبی فۆلکلۆر وای کردووە" بەشی زۆری ئەدەبی میللی بە ناوی خاوەنەکەیەوە بڵاونەبێتەوە"، (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ٢٠١٠: ١٤). کە دوای ئەدەبی فۆلکلۆر پەیدابووە.

### ١/١/١/٢) بەڵگەی پەندی پێشینانی کوردی

ئەم لێکۆڵینەوەیە وای دادەنێت، کە لە پەندی پێشینانی کوردی شا وشەی /زاین/ وەك چەمکێکی گشتیو گشتگیر، سەر بە کێلگەی واتایی هاتنە دنیاوە بە کارهێنراوە، زاراوەو کۆمەڵەوشەکانی دیکە، کە هەمان چەمكو واتا دەگەیێنن وەك /لەدایکبوون/، /منداڵبوون/، /ترەکیین/، /هەڵهێنان/...هتد. کۆمەڵەوشەی نوێنو مێژووی پەیدابوونو بەکارهێنانیان تازەو نوێیە. هەروەها شا وشەی/مردن/، کە سەر بە کێلگەی واتایی لە دنیادەرچوونە کۆنترە وەك لە کۆمەڵەوشەکانی /تۆپین/، /مرداربوونەوە/، /وشکبوون/، تەنانەت زۆر کۆنترە لەو کۆمەڵەوشانەی، کە لە ئەنجامی ڕێزەوە پەیدا دەبن، وەك /کۆچیدوایکرد/، /قەزاوبەڵای ئێوەی برد// /وەفاتیکرد/، /دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت/، /گیانی بە پەروەردگار سپارد/، /بە ڕەحمەتی خوا چوو/...هتد. لێکۆڵەر پێیوایە وشەکە کۆنترە لەو کۆمەڵەوشانەش، کە لە ئەنجامی بێڕێزییەوە پەیدا دەبن، وەك /لنگیجووتکرد/، /ئەولاترچوو/، /گۆربەگۆر بوو/، /لە لەوەڕکەوت/...هتد.

بە سەرنجدانێك لە پەندی پێشینانی کوردی بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە شا وشەی/زاین/ وەك چەمکێکی گشتیو گشتگیر لە پەندەکاندا بە کارهێنراوە. کۆمەڵەوشەکانی وەك /لەدایکبوون/، /منداڵبوون/،/ترەکیین/، /هەڵهێنان/...هتد. بەکارهێنان نییە یان زۆر کەمترە بە بەراورد لەگەڵ شا وشەی/زاین/دا.

یەکەم: کێلگەی واتایی هاتنە دنیاوەیەو شا وشەی /زاین/:

لەگەڵ ئەوەی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، کورد زمان کۆمەڵەوشەکانی زۆرچاك ڕێکخستوە، واتە بەزاندنی سنووری کۆمەڵەوشە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆرداو بە مەبەستی دروستکردنی واتای میتافۆری نابینریت، چونکە ئەدەبی فۆلکلۆر "برتییە لە سادەیی چ لە ڕووی زمانو چ لە ڕووی دەربڕینەوە (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ٢٠١٠: ١٢). ئەم سنوور بەزاندنە لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا، بەتایبەتی شیعری کۆتایی سەدەی بیستو سەرەتایی سەدەی بیستو یەکدا بەتەواوی بەرچاودەکەوێت (بێستوون حەسەن ئەحمەد، ٢٠١٢: ٢٨٥- ٢٨٩).

ئەم لێکۆڵنەوەیە چەند هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری کوردی وەك نموونە دەخاتە بەر دەست (بڕوانە(١، ٢)).

-١

*سێو پێگەیی* نەهاتی گیانە کە *لیمۆ زەرد* بوو وەرە

نەخۆش کەوتم نەهاتی گیانە وادەی گیان کێشان وەرە

لە نموونەی (١)دا، بۆمان دەردەکەوێت، کە /سێو/ /پێدەگات/، بەڵام /لیمۆ/ /زەرد دەبێت/.

-٢ چاوان مەرێژە هێشتا منداڵی

*قۆخی نەگەیوو هەڵوژەی کاڵی*

لە نموونەی (٢)دا، ڕووندەبێتەوە، کە /قۆخ/ ئەگەر کاتی خواردنی نەهاتبێت، ئاوەڵناوی /نەگەیوو/ بۆ بەکاردەهێنرێت، بە واتایەکی تر /قۆخ/ /پێدەگات/، بەڵام / هەڵوژە/ ئەگەر کاتی خواردنی نەهاتبێت، ئاوەڵناوی /کاڵ/ لە گەڵدا دێت. ئەم لێکۆڵنەوەیە پێوایە ئەمانەی خوارەوە کۆمەڵەوشەن:

/سێو/ /پێدەگات/

/لیمۆ/ /زەرد دەبێت/

/قۆخ/ /نەگەیوو/ ، /گەیوو/ واتە، /قۆخ/ /پێدەگات/

/هەڵوژە/ ٭/نەگەیوو/

/هەڵوژە/ / کاڵ/

لە پەندی پێشینانی کوردیدا زۆر بە باشی ڕەچاوی کۆمەڵەوشەکان کراوە، زۆربەکەمی سنوور بەزاندنی کۆمەڵەوشەی تیدا دەبینرێت، زۆر زانایانە لە بەرانبەر وشەیەکدا هاوڕی وشەکەی هەڵبژێراوە (بڕوانە(٣)).

-٣ ا) *سەگ دەوەڕێت* کاروان ڕێدەکات.

ب) *سەگ* بە مانگەشەو *دەوەڕێت*.

پ) *سەگ* بە *وەڕین* ماندوو نابێت. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٤٩)

لە نموونەکانی (٣) دا، بەرانبەر وشەی /سەگ/ دەنگی /وەڕین/دانراوە. لە کاتێکدا لە زمانی کوردیدا جۆرەها دەنگ جیا کراونەتەوە. وەك: /زەڕە/، /حیلە /، /نەڕە/، /بۆڵە/، /میاوە/...هتد. بەڵام هەریەکەیان تایبەتە بە گیاندارێکی دیاریکراو، لە خوارەوە بەرانبەر ناوی گیانداران، جۆری دەنگەکەیان دەنووسین (بڕوانە(٤)).

-٤ ا) گوێدرێژ دەزەرێت.

ب)ماین/ ئەسپ دەحیلێنن.

پ) شێر دەنەڕێنێت.

**ت) ورچ دەبۆڵێنێت. ...هتد**

**بۆ روونکردنەوەی زیاتر (بڕوانە(٥)).**

**٥- ا) شەو دەنوێت، بە*جلی گایە*، ڕۆژیش دەڵێیت پاشایە. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٦٧)**

**ب) *شیاکەی* لە قن هەڵسوو، بیکەرە *گاگەڵ*. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٧٠)**

**لە نموونەی (٥- ا) دا وشەی /جل/ بەرانبەر گیانداریکی وەکو /گا/ دانراوە. لێکۆلەر پێوایە زۆر دروست بەکارهێنراوە، چونکە هەرگیانداریك بەرگێکی تایبەت بە خۆی هەیە (بڕوانە(٦)).**

**٦- ا) <زینی ئەسپ/ماین>**

**ب) <کۆپانی گوێدرێژ>**

**پ) <کورتانی مرۆڤ>**

**ت) <جلی گا/ سەگ>**

**لە نموونەی (٥- ب) دا وشەی /شیاکە/ بەرانبەر گیانداریکی وەکو /گا/ دانراوەو هەروەها، وشەی لێکدراوی /گاگەڵ/ بەرانبەر /گا/ هێنراوەتەوە. بە بڕوای لێکۆلەر بەکاهێنانەکان دروستو گونجاوون لە (٧، ٨) زیاتر رووندەکرێتەوە.**

**٧- ا) <شیاکەی گا>**

**ب) <پشقلی مەڕ/بزن>**

**پ) <تەرسەقولی ئەسپ/ ماین/ ئێستر یان ولاخی بەرزە>**

**ت) < پیسایی مرۆڤ>**

**ج) < جیقنەی بالندە>**

**وشەی /گا/ لەگەڵ /گەل/ دا، وشەی لێکدراوی /گاگەل/ی دروستکردووە، لێکۆلەر پێیوایە وشەی /گا/ لەگەڵ /گەل/ داو وشەی /مەڕ/ لەگەڵ /ڕان/داو وشەی /بالندە/ لەگەڵ /پۆل/ دا و /ماسی/ لەگەڵ /ڕەو/ دا بەکاردەهێنرێن.**

**لە (٨) نموونەیەکی دیکە دەخرێتەڕوو:**

**٨)شێر کە لە بێشە دەرپەڕی، چ نێر بێ چ مێ. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٧٢)**

**لە (٨) دا، بەرانبەر ناوی /شێر/ ناوی /بێشە/ هێنراوەتەوە، کە تایبەتە بە شوێنی حەوانەوەی شێر، لە کاتێکدا ئەم وشانەی تر بوونیان هەیە (بڕوانە(٩)).**

**٩ – ا) <هێلانەی بالندە>.**

**ب) <کولانەی پەلەوەر/ سەگ>.**

**پ) <تەویلەی ئەسپ/ ئێستر>.**

**ت) <پشتیر/گەوڕی مەڕوبزن>.**

**ج) <کونی مار>. ...هتد.**

ئـەوەی مەبەسـتە لێـرەدا بگوترێـت ئەوەیـە، کـە لـە زۆربـەی پەندەکانـدا کۆمەڵەوشـەکان زۆر دروسـت بەکارهێنراوون، چونکە ڕاستەوخۆ لـە زمـانی قسەپێکەرانەوە وەرگیراوون. قسەکەری زمـانی کـوردی بـە ڕەوانـی قسە دەکات. تەنانەت ڕێزمانو یاساکانی زمانیش دەبێت لە زمانی قسە پێکەرانەوە وەرگیرێن.

ئـەم لێکۆڵنەوەیـە گریمانـەی ئـەوەی دانـا، کـە وشـەی /مـردن/ وەك شاوشـە لـە کۆنـدا بـەکارهێنانی زیـاتری هـەبووە. کۆمەڵەوشـەکانی وەکـو /تـۆپین/، /مرداربوونـەوە/، /وشـکبوون/، تەنانـەت ئـەو کۆمەڵەوشـانەی، کـە لـە ئەنجامی ڕێزەوە پەیدا دەبـن، وەك /کۆچیدوایکرد/، /وەفـاتیکرد/، /دڵەگەورەکـەی لـە لێـدان کـەوت/، /گیـانی بـە پەروەردگار سپارد/، /بە ڕەحمەتی خوا چوو/...هتد، یـان ئـەو وشـانە کـە لـە ئـەنجامی بێڕێزییـەوە پەیـدا دەبـن، وەك /لنگیجووتکرد/، /ئەولاترچوو/، /گۆربەگۆر بوو/...هتد.

لە ڕووی مێژووییەوە نـوێترن. پەنـدی پێشـینان وەك نموونەیـەکی بەردەسـت کـەوتوو دەخرێتـەڕوو، کەتێـدا وشەی /مردن/بۆ زورێك لە گیانداران بەکارهێنراوە (بڕوانە(١٠)).

١٠- ا) *مانگا* *مردوو* بڕا دوو. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٧٧)

ب) لە *ڕێوی* دایك *مردوو* دەکا. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٥٣)

پ) *مانگا* *مرد* شێرا دەبێت، ژنە مرد خێرا دەبێت. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٧٧)

ت) هەموو ڕۆژێك *گا* *نامرێت* گوشت هەرزان بێت. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٤٤٣)

ج) هەموو ڕۆژێك *کەر* *نامرێت* سێ کفتە بە دینارێك بێت. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٤٤٣)

چ) *کەر* *مردگ* خاوەن ناڕازی. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٠٢)

ح) کەرەکە *مەمرە* بەهارە، کورتانەکەت لە شارە. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٠٤)

خ) *کەری* *مردوو* جۆ ناخوات. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٠٦)

د) *مار* کە *مردنی* نزیك بووەوە، دەچێتە سەر ڕێگا. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٦٩)

ز) ئەگەر *بزن* هاتە *مردن*، چەقۆ کێش زۆر دەبن. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٨)

نموونەکانی (١٠) ئەوە ڕوووندەکەنەوە، وشەی /مردن/ وشەیەکە بۆ هەموو گیاندارێك بەکارهاتووە، وەك (گا، کەر، مار، ڕێوی ...هتد). لە کاتێکدا ئەگەر بە پێوەری زمانی قسەپێکەرانی ئەمڕۆ، یان سینکرۆنیانە لەم بابەتە بڕوانرێت، دەبێت بەم شێوەیە دروستەی [بکەر + کردار] ڕێکبخرێت (بڕوانە(١١)).

١١- ا) گا/مانگا مردار دەبێتەوە.

ب) کەر دەتۆپێت.

پ) مار دەتۆپێت.

لـە پەندەکانـدا وشـەی /مـردن/ بـۆ هـەموو جـۆرە گیانـدارێك بـەکارهاتووە، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە وشەی /مردن/ واتایەکی فراوانی هـەبووەو لـە ئـەمڕۆدا تەسکبوونەوەی واتـای بەسـەردا هـاتووە. چـونکە لێکۆڵـەر پێیوایـە ئـەم پەندانـە مێژوویـەکیان هەیـە، هـی زەمـەنێکی پـێش ئـەمڕۆن، لەبـەر نـەبوونی بەڵگـە نـاتوانین مێژووەکانیان دەستنیشان بکەین.

لێرەوە ڕوووندەبێتەوە وشەکانی /تـۆپین/، /مرداربوونـەوە/، /وشـکبوون/، تەنانـەت ئـەو کۆمەڵەوشـانەی، کـە لە ئەنجامی ڕێزەوە پەیدا دەبن، وەك /کۆچیدوایکرد/، /وەفاتیکرد/، /دڵەگەورەکەی لە لێدان کـەوت/، /گیـانی بـە

پەروەردگار سپارد/، /بە ڕەحمەتی خوا چوو/...هتد، یان ئەو وشانە کە لە ئەنجامی بێرێزەوە پەیدا دەبن، وەك /لنگیجووتکرد/، /ئەولاترچوو/، /گۆربەگۆر بوو/...هتد. مێژووی پەیدابوونیان نوێترە. هەرچەندە بەڵگەی ڕاستەوخۆ لەسەر قۆناغە جیاوازەکانی زمانی کوردی لەبەردەستدا نییە. بەڵام ئەم بەڵگە لاوەکیانە هەندێك شت ڕووندەکەنەوە.

ئەم لێکۆڵنەوەیە گریمانەی ئەوە دادەنێت، کە وشەی /زاین / وەك شاوشە لە کۆندا بەکارهێنانی زیاتری هەبووە وەك لە کۆمەڵەوشەکانی /لەدایکبوون/، /مندالبوون/،/ترەکیین/، /هەڵهێنان/...هتد.. لە ڕووی مێژووییەوە، ئەم کۆمەڵەوشانە نوێترن بە بەراورد لەگەڵ شا وشەی /زاین/دا، لێکۆڵەر پێیوایە شا وشەی /زاین/ تەسکبوونی واتای بەسەردا هاتووە بۆیە کۆمەڵەوشەی جیاوازی پەیداکردووە. تەسکبوونی واتاش دوای کشانی واتا دێت "تا فراوانبوونی واتا بەرپا نەبووبێت ئەوا دیاردەی تەسکبووونەوە هەرگیز پەیدا نەبووە" (فتاح مامە، ٢٠٠٤: ٨٧). واتە لە قۆناغی یەکەمدا کشانی واتا روودەدات، لە قۆناغی دووەمدا تەسکبوونەوەی واتا ڕوودەدات، لە قۆناغی سێیەمداو دوای تەسکبوونەوەی واتا کۆمەڵەوشە جیاوازەکان پەیدادەبن (بۆ زانیاری زیاتر (بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١،٢)).




هێڵکاری ژمارە (١)

دروستبوونی کۆمەڵەوشە بە پێی کێڵگە جیاوازەکان




هێڵکاری ژمارە (٢)

پەندی پێشینان وەك نموونەیەکی بەردەست کەوتوو دەخرێتەڕوو، کەتێدا وشەی /زاین/ بۆ زورێك لە گیانداران بەکارهێنراوە (بڕوانە(١٢)).

١٢- ا) مانگا بە دزییەوە کەڵدەگرێتو بە ئاشکرا دەزێت. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٧٦)

ب) ژن تا نەزێت بێگانەیە. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٣٥)

پ) کەر زاوە کوڕی بووە. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٠٢)

ت) کە نەزانی بزێت بۆ کەڵدەگریت. (بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٩٩)

لە پەندەکاندا شا وشەی /زاین/ بۆ هەموو جۆرە گیاندارەێك بەکارهاتووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە وشەی /زاین / واتایەکی فراوانی هەبووە لە ئەمرۆدا تەسکبوونەوەی واتای بەسەردا هاتووە. چونکە لێکۆلەر پێیوایە ئەم پەندانە مێژوویەکیان هەیە، هی زەمەنێکی پێش ئەمرۆن، لەبەر نەبوونی بەڵگە ناتوانین مێژووەکانیان دەستنیشان بکەین.

لێرەوە ڕووندەبێتەوە وشەکانی /ترەکین /، /لەدایکبوون /، /تروکاندن /، تەنانەت ئەو کۆمەڵوشانەی، کە لە ئەنجامی ڕێزەوە پەیدا دەبن، وەك /مندالبوون /، /لەدایکبوون /، مێژووی پەیدابوونیان نوێترە.

٢/١/١/٢) بە لگەی فرێزی چەسپاو

فرێزی چەسپاوی >ساڵی زاینی< یەکێکی دیکەیە لە بەلگەکان، ئەم ساڵە لە ڕووی مێژووییەوە لە لەدایکبوونی عیسا پێغەمبەرەوە >خوای لێ ڕازی بێت<دەستپێدەکات، مەبەست لەوەیە مریەم دایکی عیسا منداڵیبووە، واتە مرۆڤێك وەچەی خستوەتەوە کەچی وشەی /زاین/ بۆ بەکارهاتووە. لە کاتێکدا ئەگەر سینکرۆنیانە لەم بابەت ورد بینەوە، ئەوا کۆمەڵەوشەکان بەم جۆرە ریزدەبن (بڕوانە(١٣)).

١٣- ا) پشیلە/ سەگ/ کەروێشك دەترەکێن.

ب) مانگا/ ماکەر/ ماین دەزێن.

پ) ئافرەت منداڵیدەبێت.

ت) باڵندە هێلکە دەکات.

ج) ماسی گەرا دادەنێت.

٣/١/١/٢) بە لگەی شیعری کلاسیکی سەدەی نۆزدەیەم

شاعیرانی ڕێبازی کلاسیکی کوردیی، زۆر دروست کۆمەڵەوشەکانیان لە شوێنی خۆیاندا بەکارهێناوە. ئەم دۆخە تەواو پێچەوانەی شاعیرانی نوێیە، کە بەمەبەست کۆمەڵەوشەکان دەبەزێنن. مەبەستو واتای شاراوە لە پشت دەربڕینەکانیانەوە حەشار دەدەن (بڕوانە(١٤)).

١٤)

کەس ناتوانێت پێچەوانەی ئەو ڕاستییە ببێتەوە، کە شاعیرانی کلاسیکیش مەبەستو واتای شاراوەیان هەبووە، بەڵام بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی یەکێك بووە لەو هۆکارانەی کە مەبەستو واتا شاراوەکانیان پێدەربڕیوە. لێکۆلەر پێیوایە شاعیرانی کلاسیك زۆر بە باشی ئاگاداری کۆمەلەوشە جیاوازەکان بوون(بڕوانە(١٥)).

١٥- ا)

چۆڵی دی ســـــینەم لە دڵ، بۆ سوتنی

ئەمری دا، *شێرێ* نەبێ ئەم *لانە* بۆچ (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەحوی:١٩٨٤ :٩٦)

لەم دێڕە دا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە (مەحوی) زۆرچاك لەوە گەشتووە کە /لانە/ بۆ گیانداریکی وەك /شێر/ بەکاردەهێنرێت (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٩)).

ب)

ڕەقیب ئەو دامەنی دی سەوزە، وەك *گا* لرفی بۆ هێنا

نەبۆ حاڵـــی لە فقی عەیبـــــە، تا وتم: *وەح وەح*

(مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەحوی:١٩٨٤:٩٦)

لە (١٥- ب) دا، (مەحوی) زانیاری لەبارەی ئەو دەنگانەوە هەبووە، کە بۆ ئاژەڵان بەکاردەهێنرێن. لە خوارەوە نموونەی ئەو دەنگانە ڕووندەکەینەوە (بڕوانە(١٦)).

١٦- ا) گا / وەح وەح

ب) مریشك/ کش کش

پ) سەگ/ چخە چخە

ت) پشیلە/ کتە کتە/فسە فسە ...هتد

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێویستی دەزانێت، لێرە بەدواوە نموونەی شیعری تایبەت بە هەردوو کێڵگەی واتایی هاتنە دنیاوەو مردن بخاتە بەرچاو، کە بۆ هەندێك لە گیانلەبەر و بێگیان بەکارهاتوون.

٤/١/١/٢) نموونەی کێڵگەی واتایی هاتنە دنیاوە

شاعیرانی کلاسیك وەك کەسانێکی جیهانیو گەردوونی ڕوانیویانەتە ژیان، بوونو مانو ژیانیان بە بەشی هەموو شتێك زانیوە. پێیان وابووە چەمکی ژیانو مردن نابێت تەنها لە مرۆڤدا کورتبکرێتەوە.

وەك لە سەرەتادا ئاماژەی پێدرا، ئەم لێکۆڵینەوەیە وەهای دادەنێت شا وشەی /زاین/ لە کۆندا، لە بری هەموو جۆرەکانی هاتنە دنیاوە بەکارهاتبێت، هەوڵدەدرێت لای شاعیرانی سەدەی نۆزدە (نالی، مەولەوی، مەحوی) بەڵگە بهێنرێتەوە، لە پێناوی سەلماندنی ئەو ڕاوبۆچوونەی کە پێشتر خراوەتەڕوو(بڕوانە(١٧)).

١٧ - ١)

*کانی دەزێن* بە ئاوو، درەخت ئاوسن بە با

شایی بەهارە، بولبولەدامادو غونچە بووك (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی نالی: ٢٠١٠ :٢٦٧)

ب)

*حوجرە* ئاوس بوو، وەعدەی خۆی بەهارێ بوو *بزێ*

وەزعی حەمـــــلی کـــــەوتە پاییز نا بەکامو ناتەواو (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی نالی:٢٠١٠ :٣٧٤)

پ) *دزەکەی زەهـــــــاو زاووزۆ* کەردەن

هەر دزی حەو دز پەی ویش ئاوردەن (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی، دیوانی مەولەوی:٢٠٠٧ :٢٨٦)

ت) ڕاستیش هەر ئیدەن ئیڤهارم کەردەن

قەسەم بەو *کەسە نە زاو نە مەرگەن* (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەولەوی:٢٠٠٧ :٣٦١)

٥/١/١/٢) نموونەی کێڵگەی واتایی لە دنیا دەرچوون

لەم فەیزی نوورە هەرچی کەوا *نارە مردووە*

بەم نەفخی سوورە هەرچی کە خاکە ژیایەوە (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی نالی:٢٠١٠ :٥٥٦)

دڵ پڕ چینەن پیشانی شەوقت

*پۆس مەردەن* وەبان ڕوخساری زەوقت (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەولەوی:٢٠٠٧ :٣٦١)

*هەریەك چەنی یەك* وادەشا کەردەن

وادەشا ڕاسەن تا وەڕوی *مەردەن* (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەولەوی:٢٠٠٧ :٣٢٨)

لە پێناوی زیاتر شیكردنەوەی چەمكی /مردن/و كۆمەڵەوشەكانی، خشتەیەك دەخرێتەڕوو، كە تێدا كۆمەڵەوشەكان چونییەتی بەكارهێنانیان روونكراوەتەوە.




خشتەی ژمارە (٣)

لەخشتەی ژمارە (٣)دا، دەربارەی چەمکی مردنو هاوواتاكانی كۆمەڵێك ڕاستی بەرچاو دەكەون، لە زمانی كوردیدا /مردن/ نەك بۆ مرۆڤ بەڵكو بۆ یەزدانیش بەكارهاتووە (بڕوانە (١٧- ت)). هەرچی چەمكی /مەرگە/ زیاتر دەستەبژێرو كەسانی ئەكادیمی بەكاریدەهێنن، بەڵام /مردن/ گشتگیرترە بە بەراورد لەگەڵ /مەرگ/دا، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەریم عوسمان، (٢٠١٣: ١٠٣)).

چەمكی /مردن/ بێلایەنییەكی پێوەدیارە، بەڵام /كۆچیدوایكرد/، /وەفاتیكرد/، /دڵەگەورەكەی لە لێدان كەوت/، /گیانی بە پەروەردگار سپارد/، /بە ڕەحمەتی خوا چوو/ ...هتد، ڕێزو حورمەتیان تیدایە، بەپێچەوانەوە /لنگیجووتكرد/، /ئەولاترچوو/، /گۆربەگۆر بوو/، /لە لەوەڕكەوت/...هتد پڕن لە بێڕێزیو سوكایەتیپێكردن.

خشتەكە كۆمەڵەوشەكانی بەڕوونی جیاكردوەتەوە كەبرتیین لە (مرۆڤ = مردن)، (ئاژەڵێك گۆشتی بخوری = مرداربوونەوە)، (ئاژەڵێك گۆشتی نەخوری = تۆپین)، (ڕوەكو دارو درەخت = وشكبوون)، جگە لەمانە خشتەكە ئەو زانیارییانەشمان دەداتی، كە دەكرێت مرداربوونەوەو تۆپینو وشكبوون میتافۆریانە بەمەستی گەیاندنی واتای نیگەتیڤی بۆ مرۆڤ بەكاربهێنرێن.

## ئەنجامەکان

ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم چەند خاڵەدا دەخرێنەڕوو:

١- کشانو تەسکبوونەوەی واتا دوو دیاردەی واتاین، پەیوەستن بە کۆمەڵەوشەوە، تا کشان ڕوو نەدات تەسکبوونەوە ڕوونادات.

٢- لە کشانی واتادا کۆمەڵەوشە جۆربەجۆرەکانمان دەست ناکەون، بەڵام لە تەسکبوونەوەی واتا کۆمەڵەوشەی جۆراوجۆر بۆ چەمك و دەربڕینەجیاوازەکان دێنە کایەوە.

٣- کێڵگەی واتایی زاینو مردن، دوو کێڵگەی واتایی فراوانی زمانی کوردین. بەپێی بەڵگەکان لە مێژووی زمانی کوردیدا، ئەم دوو چەمکە بەکارهاتوون. کۆمەڵەوشەکانی /تۆپین/، /مرداربوونەوە/، /وشکبوون/، تەنانەت ئەو کۆمەڵەوشانەی، کە لە ئەنجامی ڕێزەوە پەیدا دەبن، وەك /کۆچیدوایکرد/، /وەفاتیکرد/، /دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت/، /گیانی بە پەروەردگار سپارد/، /بە ڕەحمەتی خوا چوو/...هتد، یان ئەو وشانە کە لە ئەنجامی بێڕێزەوە پەیدا دەبن، وەك /لنگیجووتکرد/، /ئەولاترچوو/، /گۆربەگۆر بوو/...هتد. مێژووی پەیدابوونیان نوێترە. هەروەها کۆمەڵەوشەکانی /لەدایکبوون/، /مندالبوون/،/ترەکیین/، /هەڵهێنان/...هتد.. لە ڕووی مێژووییەوە، ئەم کۆمەڵەوشانە نوێترن بە بەراورد لەگەڵ شا وشەی /زاین/دا.

٤ قسەکەری زمانی کوردی دەتوانێت، ئەو کۆمەڵەوشانەی پەیوەستن بە کێڵگەی واتایی زاینو مردنەوە، بەپێی ڕێزو مەبەستی میتافۆری بەکاریان بێنێت.


## سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

یەکەم/ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١/ کتیب

١– بێستوون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١١.

٢- شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٤.

٣- شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٧.

٤- حەمە حەمە ئەمین قادر، کاکەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێ کوردی، ١٩٨٢

٥- عبدالرحمن شرفکندی (هەژار) ، هەمبانە بۆرینە، چاپخانەی سروش، تاران، ١٩٩٩.

٦- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی سێیەم، ٢٠١٠.

٧- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەولەوی، بڵاوکردنەوەی کوردستان، کوردستان (سنە)، ٢٠٠٧.

٨- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ٢٠١١

٩- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەحوی، بڵاوکردنەوەی کوردستان، کوردستان (سنە)، ١٩٨٤.

١٠- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی نالی، بڵاوکردنەوەی کوردستان، کوردستان (سنە)، ٢٠١٠.

١١- هاشم ئەحمەد زادە، زمان ئەدەبو ناسنامە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

١٢- هەریم عوسمان، چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

**ب/ نامە زانکۆییەکان**

١- سازان رضا معین، واتاو دەوروبەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢- سەبور عەبدولکەریم حەمەکەریم، چەمکی ژیانو مردن لە شیعری مەولەویو مەولانای ڕۆمیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

٣- عەبدوڵا عەزیز ، گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.

٤- هۆگر محموود فەرەج، بوارە واتاییەکان، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٣.

**پ/ گۆڤارو ڕۆژنامەکان**

١- دارا حمید محمدو بێستون حسن احمد، کشانی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (١)، ٢٠١٣.

٢- فتاح مامە، تەسکبوونەوەی واتا لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٣)، ٢٠٠٤.

٣- محەمەدی مەحویی، سینتاکسی ئەرگەتیڤیی/ ئەبسۆلۆتیڤیی کوردیی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژمارە (٣١)، ٢٠١٤.

**دووەم/ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١- احمد مختار عمر، علم الدلاله، مکتبە دار العروبە، ١٩٨٢

٢- فراس السواح، موسوعە تاریخ الادیان، دار علادین للنشر، دمشق، ٢٠٠٩

٣- محمود سعران، علم اللغە، دار النهچە العربیە، (........)

**سێیەم/ سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

١-Ander Radford et all,( ٢٠٠٩). Linguistics An introduction. Cambridge University press.

٢-Andersen, Peter Bagh (١٩٩٠). A theory of computer semiotics: semiotic approaches to construction and assessment of computer system. Volume ٣ of Cambridge series on human computer interaction. Cambridge University press.

٣-Firth J. R. (١٩٥٧), Modes of Meaning: Papers in linguistics:(١٩٣٤-١٩٥١) , Oxford: Oxford University press, London.

٤- Hamid, Twana Saadi. (٢٠٠٧), INVESTIGATING KURD EFL LEARNERS ABILITY TO RECOGNIZE AND PRODUCE ENGLISH COLLOCATION, Basic Education College Universty Of Sulamani.

٥- Jean Aitchison, (١٩٩٩). Linguistics.London

**ملخص البحث**

**عنوان هذا البحث ( التوسع والتضييق الدلالى وعلاقة بالتلازم اللفظي)، يتالف البحث من فصلين. يتناول الفصل الاول نوعي التغيير الدلالي المتمثلين بالتوسع الدلالي والتضييق الدلالي في مبحثه الاول فضلا عن تعريف التلازم اللفظي، بينما تطرق في مبحثه الثاني الى الحقول الدلالية للولادة والموت مع الامثلة.**

**اما الفصل الثاني والمعنون "التوسع الدلالي والتضييق الدلالي في التلازم اللفظي" فهو الجزء العملي من الدراسة. جرى في هذا الفصل تسليط الضوء على ان التضييق في المعنى يخلّف متلازمات لفظية عديدة وان كل تضييق في الدلالة ناجم عن توسع دلالي سابق. وهذا يعني ان مثل هذه المتلازمات اللفظية ما كانت لتظهر الا بعد حدوث التضييق الدلالي. وختاما، تم عرض النتائج والمراجع المستخدمة في البحث مع مستخلص للبحث باللغتين العربية والانكليزية.**

Abstract

Titled research (*Semantic Expansion and Semantic Restriction Relation) Collocation* the research consists of two chapters. The first chapter is of two sections; the first section deals semantic change types which are expansion and restriction-both are illustrated with examples. *Collocation* as concept is defined in this section as well.

The second section is dedicated to semantic fields of birth and death as are tackled with examples.

The second chapter of the research is practical, titled *Semantic Expansion and Semantic Restriction in Collocation*. Here, narrowing of meaning has been shed light on, how it causes the emergence of various collocations; every semantic restriction is a result of an earlier expansion. This means that collocations of such had not existed in the beginning, but they appeared after the occurrence semantic restriction. In the conclusion, the results are shown and the sources are mentioned. An abstract of the research is included in both Arabic and English language.